سوادنی گەیشتە سعودیە بە بەشداریکردن لە لوتکەی ئیسلامی بۆ تاوتوێکردنی هەرشەکانی ئیسرائیل بۆ غەزە



سەرکۆزیرانی عێراق، مەحەمەد شیاع سودانی بەسەردانێکی فەرمی گەیشتە ڕیازی پایتەختی سعودیە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکۆزیرانی عێراق لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژەی بۆداوە کە ئەمە دووشەمە، مەحەمەد شیاع سودانی بەسەردانێکی فەرمی گەیشتووەتە ڕیازی پایتەختی سعودیە بۆ بەشداریکردن لە لوتکەی هاوبەشی عەرەبی و ئیسلامی تایبەت بە تاوتوێکردنی هەرشەکان و لەشکرکێشی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەزە و لوبنان.

ڕاشگەیاندراوە، سودانی لەمیانەی سەردانەکەی بۆ ڕیاز، بەشداری لە لووتکەی هاوبەشی نێوخراوی هاریکاریی ئیسلامیی-کۆمکاری عەرەبیدا دەکات.

پێشتر نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکۆزیرانی عێراق ڕایگەیاندبوو کە ئەمە دووشەمە، محەمەد شیاع سوودانی بەمەبەستی بەشداریکردن لە لووتکەی هاوبەشی نێوخراوی هاریکاریی ئیسلامیی-کۆمکاری عەرەبی بەرەو ڕیاز پایتەختی سعوودیە بەڕێکەوتووە.

ئەمە لە ڕیاز لووتکەی هاوبەشی نێوخراوی هاریکاریی ئیسلامیی-کۆمکاری عەرەبی بە بەشداری سەرکردایەتی وڵاتانی ئیسلامی وەک تورکیا و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی تایبەت بە تاوتوێکردنی دەستدرێژیەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەزە و لوبنان، بەڕێوەدەچێت.